

د. فازل جاف

# شانۆ و جەنگ

پێوەندیی نێوان شانۆ و جەنگ چییە؟ یەکەمین شانۆنامەی مێژوویی کە باس لە جەنگ دەکات، شانۆنامەی "فارسەکان"ی ئەسکیلۆسە، کە پێنج سەد ساڵ بەر لە زایینی، دەربارەی شەڕی نێوان یۆنانییەکان و فارسەکان نووسراوە. گرینگی ئەم شانۆنامەیە لەوەدایە کە بە هیچ شێوەیەک دوژمنان" فارسەکان"ی بە ترسنۆک وبوودەڵە و یۆنانییەکانیشی بە ئازاو بەجەرگ لە قەڵەم نەداوە، بگرە نووسەر وێنەیەکی گەلێ پۆزەتیڤی فارسەکانی کێشاوە: بە جەنگاوەر و ئازا و نەبەرد دایان دەنێت. بەڵام کە بەرامبەر بە یۆنانییەکان دەدەۆڕێن تەنیا لە بەر ئەوەیە، ملهوڕ ولووت بەرزن و گوێ بە هیچ یاسایەکی ئەم گەردوونە نادەن، بە رادەیەک کە ئیرادەی خواوەند پشتگوێ دەخەن. چونکە گەورەیی یۆنان لە خواوەیە، بۆیە دەبێت رێز لەو ئیرادەیە بگیرێت، شەڕکردن دژ بە یۆنان بەکژاچوونی سروشتە. هەر کەسێک، هەر لایەنێک ئەم یاسایەی سروشت ببەزێنێت چارەنووسی بەزین وتێکشکانە.

ئێستاش پاش سێ هەزار ساڵ بە سەر نووسینی ئەم شانۆنامەیە، کە سەر لەنوێ خوێندمەوە ئەم پرسیارەم لە لا دروست بوو: پێوەندی شانۆ بە جەنگەوە چییە؟

نووسەرانی شانۆ هەر لە شانۆنامەی فارسەکانەوە، پاشتریش لە شانۆنامە

مێژووییەکانی شەکسپیردا، کە لەم تەرزەدا ترۆپکی داهێنانن، هەروەها لە شانۆنامەی " دایکە کوراج وکورەکانی" بریختدا، هەرگیز مەبەستیان ئەوە نەبووە، لە سەر شانۆدا جەنگ پیشان بدەن، ئەوان مەبەستیان ئەوە بووە مرۆڤ لە جەنگدا پیشان بدەن. ئەمەش جیاوازییەکی گەورەی نێوان شانۆ وسینەمایە، کە گەورەترین جەنگمان بۆ بەرجەستە دەکات. لە کاتێکدا شانۆ تەنیا کاریگەری جەنگ لە سەر مرۆڤ پیشان دەدات.

**من هەمیشە پێموایە کە شانۆ ئەگەر تەنیا فەزایەکی بچووکیش بێت، هەر ئەو بواری لە سینەما وتەلەفزیۆن فراوانترە**

ئەرکی سەرەکی شانۆ ئەوەیە سروشتی مرۆڤ پیشان بدات، سروشتی مرۆڤ بەرامبەر بە مەرگ، ژیان، بوون، هەموو ئەم بەها گرینگانە لە جەنگ و رووبەڕووبوونەوەی مردندا خەستتر دەبنەوە وپتر دەکەونە ژێر تاقیکردنەوە و چڕتر دەبنەوە.

**شانۆ بە شێوەیەکی مەجازییانە، لە میانەی مرۆڤەوە باسی شەڕ دەکات، لە ئاوێنەی ژیان و ناخی مرۆڤەوە باسی شەڕ دەکات**

دۆستێکی شاعیرم، بەسەرهاتێکی ناو جەنگی بۆ باس کردم، گوتم ئەمە بابەتێکی باشە بۆ شانۆ، ئەو هەڵی دایەوە، کە ئەم بابەتە باشتر بۆ سینەما دەست دەدات، لێم پرسی بۆ پێت وایە بۆ سینەما چاکتر بێت؟ گوتی لە بەر ئەوەی سینەما بواری فراوانترە، ئەوەی لە سینەمادا دەگوترێ وبەرجەستە دەکرێت لە شانۆدا بەدەگمەن دەکرێت، دیارە من بیرم لە کەسانی ناو تراژیدیاکە دەکردەوە، لە کاتێکدا ئەو بیری لە بەسەرهاتەکان دەکردوە، من هەمیشە پێموایە کە شانۆ ئەگەر تەنیا فەزایەکی بچووکیش بێت، هەر ئەو بواری لە سینەما وتەلەفزیۆن فراوانترە، چونکە بەزمانی هیما ورەمز ومەجاز دەتوانێت گوزارشت لە قووڵترین وناسکترین کێشەی مرۆڤ بکات، بەڵام هونەرێکی پەتی وسەختە.

**هیچ جۆرە دژاودژی ونەشازێک لە نێوان ژیان ومردندا نییە، چونکە ژیان ومردن یاسای سروشتن**

سەیر لەوە دابوو، بیرکردنەوەی من لە بیرکردنەوەی

شاعیرەوە نزیک بوو، لە کاتێکدا دۆستەکەم، کە خۆی شاعیرە، بێ ئەوەی بە خۆی بزانێت وەکو رۆمانووس بیری دەکردەوە، گوتم ئەگەر وا بێت دەبێت بڵێین رۆمان لە شیعر بەربڵاوترە وبوارەکانی فراوانترن. ئەرکی شانۆکار لەوەدا نییە جەنگ بەرجەستە بکات وتۆپ وزرێپۆش وتانک بخاتە سەر شانۆ، خۆ ئەگەر کاری وا ئەنجام بدات هەر بە جارێک لە هونەری شانۆ دوور دەکەوێتەوە، چونکە بە راستی ئەمە ئەرکی سینەمایە ولە فیلمدا بە ئاسانی بەرجەستە دەکرێت، هەر بۆیە لەم گەشەی تەکنۆلۆجیایەی ئەمڕۆدا زۆر کەس دەتوانن ببن بە سینەماکار، بێ ئەوەی بەهرەیەکی ئەوتۆیان هەبێت، بەڵام شانۆ بە شێوەیەکی مەجازییانە، لە میانەی مرۆڤەوە باسی شەڕ دەکات، لە ئاوێنەی ژیان و ناخی مرۆڤەوە باسی شەڕ دەکات، نەک بەرجەستەکردنی شەڕ وجەنگ وپێکدادان.

لە شانۆدا ئەوەی کە زۆر گرینگە پێوەندیی نێوان ژیان ومەرگە، روونتر بدوێم، پێوەندیی نێوان ژیان ومردن هەمیشە سەنگی مەحەکە وهیچ پەردە و ماسکێک بە خۆوە ناگرێت. ئەمە نەک تەنیا شانۆ لە فیلم جیادەکاتەوە بگرە بە هەمان شێوە شانۆ لە رۆمان جیا دەکاتەوە، بە ئەندازەی جیاوازی نێوان شیعر ورۆمان. باشترین بەڵگەیشمان رۆمانی "جەنگ وئاشتی" لیۆ تۆلستۆیە، کە درێژترین رۆمانی جەنگە. لە کاتێکدا شانۆکارێکی یۆنانی توانیویەتی بە تراژیدیایەکی یەک پەردەیی کاریگەرییەکی قووڵتر وشاعیرانەتر بەرپا بکات.

شانۆ کە وێنەی مرۆڤ وخەم وئازارەکانی لە گەرمەی جەنگ وکوشتاردا دەکێشێت، درامای ئادەمی لە دژایەتیکردنی سروشت پیشان دەدات، چونکە جەنگ لە کرۆکدا دژیاتیکردنی سروشتە، بە واتایەکی دی، هیچ جۆرە دژاودژی ونەشازێک لە نێوان ژیان ومردندا نییە، چونکە ژیان ومردن یاسای سروشتن.

بەڵام لە نێوان ژیان وشەڕدا دژاودژی ونەشازێکی گەورە هەیە، چونکە جەنگ دژ بە یاسای سروشتە وپێچەوانەی بوونە.

مردن مەرجی ژیانە، بەردەوامبوون ودرێژەپێدانی ژیانە. پاش هەر مردنێک ژیانێکی دیکە شکۆفە دەکات.

بەڵام شەڕ روخێنەرە و دوژمنی توخمی ئینسانە.